# دەبوو کورد ئابلۆقە بخاتە سەر تورکیا، نەک بە پێچەوانەوە

**ئەمجەد شاکەلی**

غاندی، ڕزگارکاری هیندوستان، بە کەچەخەڕەکێک و کراسێکی شڕ و شیری بزنەلاتێک و داردەسێک و جووتێک سەرپێییەوە، بەرانبەر ئینگلیزی داگیرکەر ڕاوەستا و چۆکی پێ دادان و وڵاتەکەی(ئەو هیندوستانە مەزنە، کە ئەوەدەمی پاکستان و بەنگلادیشیشی لەگەڵ بوو) ڕزگار کرد.

کوردانێک، کە دەبوونە ئەندامی حیزبی هیوا، یەکێک لە مەرجی وەرگرتنیان لەو حیزبەدا ئەوەبوو، چای نەخۆنەوە، چونکە چای هی ئینگلیزە و ئینگلیز هێناویەتییە وڵاتەوە. مامۆستا عەبدولعەزیز پشتیوان، یادی بەخێر و ڕەوانی شاد، کە یەکێک بوو لە پێشەنگانی هیوا و بزاڤی کوردایەتیی گەرمیان، تا کۆچی دواییشی کرد چای نەدەخواردەوە. نەک هەر خۆی، منداڵ و نەوەکانیشی تا ئێستایش چای ناخۆنەوە و لە نێوەندی ساڵانی 1940ەکانەوە چای سەری بە ماڵیاندا نەکردووە.

ساڵانی 1980کان، لە مەیدانی هوێتۆریەت(Hötorget)ی ستۆکهۆڵم، کە مەیدانێکە میوە و سەوزەی لێ دەفرۆشرێ و تەواوی ئەو بەقاڵانەش خەڵکانێکی بیانین، لە کاتێکدا کە هەمووان میوەی هەموو وڵاتێکیان دەفرۆشت، کابرایەکی کوردی لوبنان، کە ئەویش لەوێ میوەفرۆش بوو، پرتەقاڵی"یافا"ی ئیسرائیلی نەدەفرۆشت و بە ئاشکرایش دەیگوت، دژی ئیسرائیلە و لەبەر ئەوە میوەی ئیسرائیلی نافرۆشێت و ناخوات.

خەڵکێکی زۆر دەناسم، ساڵانیکی دوورودرێژ، لە دژی ئەمەریکا، نە (کۆکاکۆلا)یان دەخواردەوە و نە خۆراکی مەکدۆناڵدز(McDonald’s)یان دەخوارد. من بۆ خۆیشم یەکێک بووم لەوانە و ئێستایش هەر وا دەکەم و لە سەر ئەو ڕێگەیە بەردەوامم.

کووبا، لە ساڵی 1962وەوە، ئابلۆقەی ئەمەریکای لە سەرە و لە ئەمەریکا و هاوپەیمانانییەوە، هیچی بۆ ناڕوات و هیچی لێ ناکڕدرێت، بەڵام گەل و وڵات و خەڵک و سەرۆکەکەیشی، گەلێک ئازایانە و داهێنەرانە، خۆیان ڕاگرتووە و ژیانیان گونجاندووە و لەگەڵ نەبوونی شتی ئەمەریکایشدا ڕاهاتوون. تا سۆڤیێت هەبوو، نەوتیان لەوێوە بۆ دەهات و پیشەسازییەکی باشیان لە پەنای کشتوکاڵ و بوارەکانی دیکەی ئابووریدا چێکردبوو. کە سۆڤیێت نەما، نەوتیان لێ بڕا، بەڵام چ پەکیان لەبەر نەوت نەکەوت، چونکە ئابوورییەکی کشتوکاڵی زۆر بەهێزیان هەبوو و پتر گرنگییان دایەوە بە کشتوکاڵ و لەبەر نەبوونی کەرەسە و ئامێر و کاڵای کشتوکاڵیی هاوچەرخ و نوێ، گەڕانەوە بۆ شێوازە کۆنەکەی کشتوکاڵ. ئێستایش، بێجگە لەو مەکینە و ئامێرانەی، کە دەسکردی خۆماڵییە، گاجووت و وڵاخ بەکار دەبەن بۆ کێڵانی زەوی و هەموو جۆرە سەوزە و میوەیەک دەچێنن و دەڕوێنن و هەناردەیەکی زۆریشیان بۆ دەرەوە هەیە و پاکژترین جۆری سەوزە و میوە و ڕووەکیش وەبەرهەم دێنن، کە دەرمان و ماددەی کیمیایی تێدا بەکار نابەن. سوود لە ئامێر و کالا و کەرەستەی ساکار و ئاسایی وەردەگرن و کارەکانی خۆیانی بە باشترین شێوە پێ ئەنجام دەدەن و زۆر ژیرانە و دووربینانەیش، بیر لە ژینگە و پاراستنی دەکەنەوە. بێجگە لەوانەیش لە بواری خوێندن و لەشاغی(تەندروستی)دا، کووبا یەکێکە لە هەرەباشترین و هەرەپێشکەوتووترین و پێشەنگانی وڵاتانی جیهان.

تورکیا پێش ئەوەی هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان، باس لە ئابلۆقەی ئابووری دەکات بۆ سەر کوردستان. لەم کێشەیەی نێوان تورکیا و کوردستاندا، دەبوو کورد، نەک تورکیا، وەها بیرۆکەیەکی هێنابایەتە گۆڕێ. گەلی باشووری کوردستان، ئەگەر وەک گەلانی ئاگای جیهان، وەک خەڵکانێکی بەتەنگەوەهاتووی خاک و وڵات، وەک گەلێکی قاڵبووی ساڵانێکی دوورودرێژی چەوسانەوە و ستەم، وەک گەلێک، کە هەمیشە لە ژێر سایەی ئابلۆقەدا ژیاوە و گوشاری ئابلۆقەی لە سەر بووە، لە ڕەوشی خۆی

نۆڕپیا و بنۆڕێ، دەبوو ئەو دەستپێشخەری وەها ئابلۆقەیەک بووایە نەک تورکیا. دەبوو ئەو بووایەتە مۆتەکە و مێردەزمە و  تورکیای تۆقاندبا، نەک تورکیا ئەوی ترساندبا.

خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان، ئەگەر بڕێک ئاوڕیان لە مێژوو و ڕابوردووی خۆیان بدایەتەوە و ئەگەر هەستی وڵاتپارێزییان تێدا هەبووایە و ئەگەر بڕێک هاوچەرخانە و سەردەمانە بیریان کردبایەوە و ئەگەر بڕێک هۆش و هزریان خستبایەتە گەڕ و چاویان کردبایەوە و ڕوونتر شتەکانیان دیتبا و خوێنبایەوە، بێ سێودوولێکردن و بی ڕاوەستان و هەر زۆر خێرا و پێش هەر شتێک، دەبێ لە هەموو خۆراک، خواردنەوە، کاڵا، کووتاڵ، کەرەستە، ئامێر، ئامراز، خزمەتگوزاری و کۆمپانیایەکی تورکی دوورکەرنەوە. هیچی تورکیا نەخۆن، نەخۆنەوە، لەبەر نەکەن، بەکار نەبەن، نەکڕن، نەفرۆشن و خۆیان بە تەواوی لە هەموو شتێکی ئەو وڵاتە دابڕن و دەستبەرداری هەموو شتێکیان ببن و لێیان دوورکەونەوە. ڕەنگە بۆرژوازی و بازرگان و سەرمایەدار و دەسەڵاتداری کورد، لەبەر گرێدراوییان بە تورکیاوە و بەرژەوەندیان لەگەڵ تورکیادا، وەها کارێک نەکەن، بەڵام وەها کارێک بە خەڵکە ئاساییەکە دەکرێت و ئەوان دەبێ لە خۆیانەوە دەست پێ بکەن. ئەوان دەبێ تەواوی بەرژەوەندەکانی تورکیا و ئەوەی پێوەندی بە تورکیاوەیە، لە دەسگا و بازاڕ و کۆمپانیا و کاڵا و کارگێڕی و هەرچی شتی دیکەیە لە کوردستان، بیخەنە بەر هەڕەشەی خۆیان و لەگەڵ هاتنەژوورەوەی یەکەم چەکمە لەپێی تورکدا، هەمووی بخەنە بندەستی خۆیانەوە و لەنێوی بەرن و بیشکێنن و بیسووتێنن و بیفەوتێنن، تەنانەت ئەگەر هی سەرمایەدار و بۆرژوازییانی کوردستانیش بێت. سەرمایەدار و بۆرژوازی و دەسەڵاتدارانی کوردستان، داهۆڵ و پارێزگار و پاسەوانی بەرژەوەندی تورکیان لە کوردستان. ئەوانن کوردستانیان کردووەتە کۆڵۆنی تورکیا و کورد لەبەردەم تورکیادا سەرشۆڕ دەکەن. خەڵکی کورد، دەبێ لەوانەوە دەستپێبکات و دەست لە هیچ یەکێکیان نەپارێزێت، چونکە ئەوان کورد گوتەنی"ڕەفیقی قافڵە و شەریکی دزن = هاوڕێی کاروان و هاوبەشی دز"ن. لە تەواوی بازرگانی و کۆمپانیا و سەرچاوەی پارەدا، هاوبەشن لەگەڵ تورکیا و وەکی دیکەیش، بۆ برەودان بە کاڵا و سەرمایەی خۆیان و گەرمکردنی بازاڕی خۆیان، خۆ بە هاودەردی خەڵکی کورد دادەنێن.

تاوانە مرۆڤ ببێتە کۆیلەی خوو و ڕاهاتن و خۆراک و کاڵا و شتومەک و ماددە. مرۆڤ، کە بۆ خۆی لە پێشدا خووەکان دروست دەکات و دواتر خووەکان مرۆڤ دروست دەکەن و لە مرۆڤ نابنەوە و مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداریان ببێت. تاوانە مرۆڤ نەتوانێت دەستبەرداری کۆمەڵێک شتی ناپێویستی ژیان ببێت، کە بۆ خۆی و بە دەستی خۆی سازی کردوون و بۆ خۆی و بە دەستی خۆی کردوونی بە کەڵەگا و زاڵی کردوون بە سەر خۆیەوە و پێی سەختە بیانبڕێ و وازیان لی بهێنێت. تاوانە مرۆڤ نەتوانێت دەستبناتەڕووی کۆمەڵێک شتەوە، کە ئامرازگەلێکن بۆ ملکەچکردن و سووککردن و چاوەخوارکردنی، تەنانەت ئەگەر  ئەو شتگەلانە زێڕی هەموو جیهانیش بهێنێن.

زۆرێک لە ئێمە سەدان چیرۆکی لە ساڵانی 1963-1970 و 1974 تا 1991وە، بیر دێتەوە، کە چۆن لە بازگەکانی حوکوومەتی بەعس، ڕۆژانە هەزارویەک سووکایەتی بە ژنانی کورد دەکرا، لەسەر کیلۆیەک چای یا چەند کیلۆ شەکەر یا چەند لیترێک نەوت. من بۆ خۆم سەدانم لەو چیرۆکانە بیر دێتەوە، کە سەرباز و بەعسییانی عیراق و جارجارەیش جاشی کوردیان لەگەڵ، چۆن فلانە پیرەژنیان کوشت و فلانە پیرەمێردیان دایە بەر شەق و چای و شەکەری فلانیان ڕۆ کردە نێو ئاودەست و نەوتی فلانیان ئاگرتێبەردا و...!

کێ لە ئێمە ساڵانی 1991 و دواتری بیر نایەتەوە، کە چۆن هەزاران کورد، بۆ چنگێک ڕۆن و گوێلێک ئارد و کیلۆیەک شەکەر و بڕێک چای و نیسک و نۆک، دەستبەرداری کوردبوونی خۆیان دەبوون و لەکن حیزب و ڕێکخراو و دەسگا تورکمانییەکانی  سەر بە میتی تورکیا، خۆیان بە تورکمان نێونووس دەکرد!

کێ لە ئێمە چەندین چیرۆک لەمەڕ ئەو قاچاخچییە کوردانەوە نازانێت و ناوی دەیان کەس لەوانە نازانێت، کە لە نێوان سنوورە دەسکردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستاندا ، بوونە و دەبنە قوربانی فیشەکی پۆلیس و سەرباز و جەندرمە و قەرەقۆڵ و پاسدار!
خەڵکی کورد ئەگەر چاوێک لە جیهان بکات و وانەیەک لە مێژوولکەکەی خۆیەوە و شتێک لە خەڵکی دیکەوە فێر دەبێت، ئەودەم بۆ خۆی بایەخی ئابڵۆقە و خۆدابڕین دەزانێت و ئەودەم دەستبەکار دەبێت.
زلحیزبەکانی باشووری کوردستان، لە 1991ەوە، کە دەسەڵات کەوتە دەستیان، بە موو لە سیاسەتی بەعس لایان نەدا. بەعسێک، کە کوردستانی وشک کردبوو و کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی تێدا لەبەین بردبوو و لەشکرێکی بەرهەمهێنی گوندنشینی، کردبووە مشەخۆری نێو کووچە و کۆڵانەکانی شار و لە هەموو کوردستاندا دوو سێ زلەشار و چەند قوتەئۆردووگایەکی هێشتبووە و تەواوی گوندی کوردستانی لەگەڵ خاکدا یەکسان کردبوو، ئەمانیش(سەرانی کورد) هەمان ڕێچکەی بەعسیان گرتەبەر. ئەمان نە ئۆردووگای زۆرەملێیان تێکدا و نە گوندیان زیندوو کردەوە و نە گرنگییان بە کشتوکاڵ دا، کە کوردستان بۆ خۆی وڵاتێکی کشتوکاڵییە و نە ئاژەڵدارییان زیندوو کردەوە، بەڵکە گەلی باشووری کوردستانیان کردە بەکاربەر و بخۆر و بدڕ و بێبەرهەم. تەواوی ئەوەی لە بازاڕەکانی کوردستاندا بۆ خەڵکی کوردستان فەراهەم کران، لە گۆشت و ڕۆن و ئارد و برنج و نیسک و نۆک و شەکەر و چای و وشکەمەنییەوە تا دەگاتە هەموو سەوزە و میوەیەک و هەرچی کاڵا و کووتاڵ و ئامرازی دیکەیە، لە چین و برازیل و نیوزیلاند و ئوردون و سووریا و تورکیا و ئێران و هەرچی وڵاتی دنیایە هێنایاننە کوردستان. وەرزێری شارەزوور و دەشتی قەراج و دەشتی کەرکووک و گەرمیاننشینی بنگەی کشتوکاڵ، تەرە و سەوزە و میوەی لە هەندەرانەوە پێ دەگات و بۆ خۆی هیچ وەبەرهەم ناهێنێت. هەورامانیشینی خاوەنی ئەو هەموو گوێز و بەڕوو و میوەی ئەو هەورامانە، لە قیرغیزستان و ئەلبانیاوە گوێزی پێ دەگات. ئەمە نەک تۆ و منێکی بەسالاچوو، بەڵکە مێردمنداڵێک و زارۆکێکیش، تێی دەگات، کە ئەنجامی چەوتی و دۆڕان و تێکشکانی سیاسەتی ئابووری و هەموو سیاسەتەکانی دیکەی دەسەڵاتداریەتیی کوردستانە. سەرانی کورد، بە دەست و ئارەزووی خۆیان گەلی باشووری کوردستانیان کردووەتە پاشکۆ، بە تایبەتیش پاشکۆی وڵاتێک، کە لەوەتی هەبووە و هەیە دوژمنی کوردستان و کورد بووە، ئەویش کە تورکیایە.
عەرەب قسەیەکی هەیە دەڵێ:"تعشى بي قبل ما يتغدى بيك" واتە:"بیکە شیوی ئێوارێ پێش ئەوەی بتکاتە نانی نیوەڕۆ" یا "بیخۆ پێش ئەوەی بتخوا". یا"أتعشى بيك قبل ما تتغدى بي"، واتە:"دەتکەمە شیوی ئێوارێ پێش ئەوەی بمکەیتە نانی نیوەڕۆ" یا "پێش ئەوەی بمخۆی دەتخۆم".
ئەوە خەڵکی کوردە، کە دەبێ یەکەمجار، ئابڵۆقە بخاتە سەر تورکیا، نەک بە پێچەوانەوە. ئەوە خەڵکی کوردە، کە دەبێ دووەمجار، پەلاماری هەرچی بەرژەوەندەکانی تورکیایە لە کوردستان و دەرێی کوردستان و لە هەر کوێیەک دەستی پێ ڕا دەگات، بدات، نەک بە پێچەوانەوە.
ئەوە خەڵکی کوردە، کە دەبێ سێیەمجار، جەنگ بباتە نێو تورکیاوە و گڕ لە تورکیا بەربدات، نەک بە پێچەوانەوە.
ڕۆژانە سەدان هەزار بەرمیلە نەوتی کەرکووکی کوردستان دەچێتە بەندەری جیهانی تورکیا و لەوێشەوە دەفرۆشرێتە وڵاتانی ئەورووپا. بە هەڕەشەیەک و بە بڕینی ئەو نەوتە، نەک هەر تورکیا، بەڵکە ئەورووپا دەهەژێنرێت. گەلی کوردستان، ئەگەر ئاورێک لە غاندی و کووبای خۆڕاگر و خەڵکانی ئازادیخوازی جیهان بداتەوە و لە سەر پێی خۆی ڕاوەستی، بە ئابڵۆقە خستنەسەر تورکیا، تورکیا دەخاتە پاڕانەوە.
خەڵکی کوردستان ئەگەر بۆ خۆیان دەستبەکار نەبن و بۆ خۆیان ئابڵۆقە نەخەنە سەر تورکیا و شتی

تورکی و چاوەڕوانی سەرکردە سازشکار و گەندەڵ و خۆویست و خۆپەرستەکانیان بن، ئەوا نەک هەر هیچ بە هیچ ناکەن، بەڵکە کۆیلەتر و پاشکۆتر دەمێننەوە و تورکیاش زاڵتر دەکەن بە سەر خۆیاندا.

2007-11-1